

# هەڵبژاردەی کوردستان بە هیواوە دەچێتە سوید

**بەمەبەستی بەشداری کردن لە پاڵەوانێتیی (وۆرلدکەپ کۆنیفا)لە وڵاتی سوید کە بڕیارە یارییەکانی ئەم پاڵەوانێتییە لە ســەرەتای مانگی داهاتوو بەڕێوەبچێت، هەڵبژاردەی تۆپی پێی کوردستانیش لە کۆمەڵەی یەکەم شان بە شانی هەریەك لە هەڵبژاردەکانی (تامی ئیلام، ئارمیان سیراك) یاری دەکات، بۆ ئەم پاڵەوانێتییەش هەڵبژاردەی کوردستان لەسەر دەستی ڕاهێنەرانی تیپەکە ئامادەکارییەکی چڕیان ئەنجامداوە بۆ ئامادەکاری باشتر بۆ بەدەست هێنانی ئەنجامی شایســتە، ڕۆژانەش مەشقەکانیش لە پایتەختی کوردستان درێژەی هەیە، لەگەڵ ئەنجامدانی چەندیــن یاریی دۆســتانەی ئامادەکاری بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامێکی دڵخۆشــکەر بۆ هەرێمی کوردستان دەستەبەربکەن، هەڵبژاردەی کوردستان بۆ ئەم پاڵەوانێتییە ٢٣ یاریزانی دەستنیشان کردووە و چوار یاریزانی کوردیشی لە ئەوروپا هێناوە، بڕیاریشە هەڵبژاردەی کوردستان لە ٢٧ی ئەم مانگە بەرەو وڵاتی سوید بکەوێتە ڕێ، جێگای ئاماژە پێکردنە هەڵبژاردەی کوردســتان پاڵەوانی جامــی جیهانی ڤیفای ٢٠١٢ی بوو، بۆ تیشك خستنە ســەر ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردەی کوردستان ئەم ڕاپۆرتەمان ئامادەکرد.**

**عەبدوڵلامەحمود ڕاهێنەری هەڵبژاردەی کوردســتان لە بارەی ئامادەکارییەکانــی تیپەکەی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتــی:** دوای ئــەوەی یارییەکانی ئــەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی کوردســتان تەواو بوو ئێمەش دەســتمان کردووە بە ئامادەکارییەکان و یاریزانانیش پێویســتیان بەم ئامادەکارییە بەهێزە نییە، چونکە خۆیان لە ناو خولەکانی کوردســتان بوونە، لە ڕووی جەســتەییەوە ئەم یاریزانانە هەموویان ئامادەن، تەنیا دەبێ لە ڕووی دروســت کردنی هەماهەنگییــەوە ئامادە بکرێن ئەویش بــە ئەنجامدانی یاریی دۆســتانە چارەســەر دەکرێت، ئێمە بەردەوام دەبین لە ئامادەکارییەکان و ئەنجامدانی یارییە دۆستانەکان کە سەفەری سویدیشــمان کرد یارییەکی دۆستانەش لەگەڵ تیپێکی ئەو شــارە ئەنجامدەدەین بۆ ئــەوەی تیپەکەمان بەشــێوەیەکی باش ئامادەبێت، لەبارەی دەستنیشان کردنی یاریزانانیش ناوبراو گوتی: ئێمە وەکو ســتافی دەستەی ڕاهێنەران ئەم یاریزانانەمان دەســت نیشان کردووە بە پێی هێڵەکانی یاریگا، ئێمە تەنیا بۆ بەشــداری کردن ناچینە وڵاتی ســوید و هیچ ســاڵێك هەڵبژاردەی کوردستان بۆ بەشــداری کردن نەچووە، بۆیە ئێمە بۆ بەدەســت هێنانی ئەنجامی شایستە گەشتی سوید دەکەین و بتوانین نازناوەکە بەرزکەینەوە، ژمارەیەك یاریزانی بەتوانا لە سوید دێنە نێو هەڵبژاردەکــە و داواش لە ڕەوەندی کوردی دەکەین هانی هەڵبژاردەی کوردســتان بدەن لە یارییەکان، ڕاگەیاندنیش پشتگیری هەڵبژاردەکەیان کردووە، کەناڵە عەرەبییەکانیش وەکو پێویست نەبووە تەنیا یەك دوو کەناڵ هاتووە.

**دیار ڕەحمان یاریزانی هەڵبژاردەی کوردستان بۆ گۆڤاری**

ڕاپۆرتی: کارزان کانەبی



**گـوڵان گوتی:** ئامادەکارییەکانمان یەکجار باشبووە لە ڕۆژانی ڕابردوو لەسەر دەستی ستافی ڕاهێنەران ئامادەکاری زۆرباشـــمان کردووە، هەماهەنگیمان بە شێوەیەکی باش نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەنجامدانی یارییە دۆســـتانەکان بۆ یاریزانانـــی هەڵبژاردە زۆر باش دەبێت هەمانگی باش لە نێوانمان دروســـت دەکات، متمانەی تەواویشمان بەخۆمان هەیە کە دەتوانین ســـەری کوردستان لەم پاڵەوانێتییە بەرز کەینەوە.

**فەرحان شوکر هێرشبەری هەڵبژاردەی کوردستان لەبارەی ئامادەکارییەکانیـــان بەم شـــێوەیە هاتە ئاخاوتن و گوتی:** ئامادەکارییەکانمان یەکجار باشـــە بەهۆی ئامادە بوونی سەرجەم یاریزانانی تیپەکەمان، سەرەتا نەهاتنی ژمارەیەك لە یاریزانانیش بەهۆی بەشداری کردنیان لەگەڵ تیپەکانیان لە خولی عێراق کاریگەری هەبوو لەسەر ئامادەکارییەکان، بەڵام بە هۆی مەشـــقی بـــەردەوام و ئەنجامدانی یاری دۆســـتانەی بەردەوام دەتوانین ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین، تاکە ئامانجی ئێمـــەش وەکو یاریزانانی کورد لە هەڵبژاردەی کوردســـتان بتوانین ئەنجامی دڵخۆشکەرە و بگەڕێینەوە کوردستان.

**یەحیا مەحمـــود یاریزانی هێڵـــی ناوەڕاســـتی هەڵبژاردەی کوردســـتان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی:**

لەگەڵ دەستپێکی ئامادەکارییەکانمان یاریزانان و دەستەی ڕاهێنەران بە تامەزۆرەوە دەڕواننە یارییەکانی داهاتووی هەڵبژاردەکەمان، هەرچەندە سەرەتا هەماهەنگی نەبوو لە نێـــوان یاریزانان چونکە هـــەر یەکە لە یانەیەك هاتبوون، بـــەڵام لەگەڵ بەردەوامـــی ئامادەکارییەکان و ئەنجامدانی یاریی دۆستانەی بەردەوام لەگەڵ تیپەکانی تـــر ئەم هەماهەنگییەش زیاتر دەبێـــت لە نێوان یاریزانان، گوتیشـــی «متمانـــەی تەواومان بەخۆمـــان هەیە وەکو دەســـتەی یاریزانـــان و ڕاهێنەرانیش هەر بۆ بەشـــداری کردنیش ناچینە وڵاتی ســـوید بەڵکو بۆ بەدەست هێنانی ئەنجامی شایســـتە دەچینە نێو کێبڕکێیەکان، دەمانەوێ لەم پاڵەوانێتییەش ئاڵای کوردســـتان بـــەرز بکەینەوە و نازناوەکەش بەدەســـت بهێنین، بەڵام وەکو یاریزانانی لاوی هەڵبژاردەکە پێویستمان بە ژمارەیەك یاریزانی بە ئەزموون هەیە بۆ هەڵبژاردەکە».

**دلۆڤـــان مەهدی گۆڵچـــی هەڵبژاردەی کوردســـتان لەبـــارەی ئامادەکارییەکانی گۆڵچییـــەکان بۆ گۆڤاری گـــوڵان گوتی:** ئێمە وەکـــو گۆڵچییەکانی هەڵبژاردەی کوردســـتان ئامادەکارییەکی باشـــمان کـــردووە بۆچوونە نێو ئەم کێبڕکێیە و ڕۆژانەش لە ســـەر دەســـتی ستافی ڕاهێنـــەران لە مەشـــقی چڕ داین بۆ بە دەســـت هێنانی ئەنجامی شایســـتە لە پاڵەوانێتییەکە، ئەم پاڵەوانێتییەش ژمارەیەکی هەڵبژاردەی بەهێزی هەرێمەکان تێیدا بەشدار دەبن، ئێمەش وەکو یاریزانانی هەڵبژاردەی کوردستان هەوڵ دەدەین ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنین.

# میسی
# بۆندە تازەکەی واژوو کرد




یانەی بەرشـلۆنەی ئیسـپانی رایگەیاند بۆندی ئەستێرەی یانەکەیـان و هەڵبژاردەی ئەرژەنتین و خاوەن چوار تۆپی زێڕین لیۆنیل میسـی لەگەڵ یانەی کەتالۆنی درێژکرایەوە. ئەمەو ماڵپەڕی فەرمی یانەی بەرشلۆنە لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر وێنەی میسی و سەرۆکی یانەکەی جۆزیب بارتۆمیۆ بڵاوکردەوە کە تیایدا دەردەکەوێت واژوو لەسـەر بۆندە نوێیەکە دەکەن. شـایەنی وتنە ئەمەش لەکاتێکدایە هەفتەی رابردوو یانەی بەرشـلۆنە دووپاتی کردەوە کە لەگەڵ ئەسـتێرەی یانەکەیـان گەیشـتوونەتە رێکەوتن بۆ نـوێ کردنەوەی بۆندەکەی. لەلایەن خۆشـیەوە لۆنیل میسی لە رێگەی ماڵپەڕی فەرمیی یانەکەی دووپاتی کردەوە خۆشحاڵە بەگەیشـتنە رێکەوتن لەگەڵ یانەکـەی و ماوەی بۆندەکەشـی بۆ پێنج وەرزی داهاتـوو کە بۆ هەر وەرزێك میسی ٢٠ ملیۆن یۆرۆ بەدەست دەهێنێت.



## بەرشلۆنە و راهێنەر
## لویس ئینرکی
## گەیشتنە رێکەوتن





## گۆڵپارێزی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید:

# گرنگ ئەوەیە لەهەر شوێنێک بێت یاری دەکەم

گۆڵپارێــزی بەلژیکی و یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید بەشێوەی خواستن لە یانەی چێلسی تیبیس کۆرتوا وەڵامــی راپۆرتەکانی ئەم دواییەی دایەوە کە لەبارەی چارەنووسی ئەوانەی بڵاوکراونەتەوە کەتیایــدا ئاماژەیان بەگەڕانــەوەی بۆ یانە ســەرەکییەکەی دەکات. لەم بارەیەوە رۆژنامەی ئەلمۆندۆ دیپۆرتیڤۆی وەرزشی ئیسپانی بڵاویکردۆتەوە کە گۆڵپارێزی بەلژیکی تەمەن ٢٢ ســاڵ دووپاتی کردۆتەوە کە بەهیچ شــێوەیەك رازی نییە لەسەر کورسیی یەدەگ دابنیشــێت، بەڵکو بەقسەی کۆرتوا بۆ هەر شــوێنێك بڕوات لە پێکهاتەی ســەرەکیی یاری دەکات و گوتی : بۆیە ئەمەش بەلامەوە گرنگە کە یاری بکەم. ســەبارەت بە گۆڵپاریزی سەرەکی یانەی چیڵسی پیتەر تشیك کۆرتوا رایگەیاند پیتەر تشیك گۆڵپارێزێکی گەورەیەو رێزی تایبەتیم بۆی هەیە و باشترین گۆڵپارێزی جیهانە، بۆیە بەلای من نازانم چی روودەدات. هەروەها کۆرتوا ئاماژەی بۆ کرد کە پابەندم بەگرێبەستەکەم لەگەڵ چێلسی تا دوو ساڵی تر، بەڵام لەئێستادا بیر لەو بابەتە ناکەمــەوە بەڵکو تەنیا بیرم لەلای یارییەکانی جامی جیهانییە ئینجا دواتر بیر لەم بابەتە دەکەمەوە .

**یانەی بەرشــلۆنەی ئیســپانی بەشــێوەیەکی فەرمی رایگەیاند لەگەڵ راهێنەر لویس ئینرکی مارتینیز تەمەن ٤٤ ســاڵان گەیشتوونەتە رێکەوتن بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەرکی راهێنانی یانەی کەتەلۆنی تا حوزەیرانی ٢٠١٦ بۆ شوێن گرتنەوەی راهێنەری ئەرژەنتینی خیراردۆ تاتا مارتینۆ کە تەنیا لەگەڵ بەرشــلۆنە جامی سوپەری ئیسپانیای بەدەست هێنا. لویس ئینرکی یاریزانی تیپی یەکەمی بەرشلۆنە بوو لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٩٦ تا ٢٠٠٤، هەروەها رابەرایەتیی تیپی دووەمی بەرشلۆنەی دەکرد لەماوەی ساڵانی نێوان ٢٠٠٨ تا ٢٠١١ دواتر بووە راهێنەری یانەی رۆمای ئیتالی و لەوەرزی ئەمســاڵیش راهێنەری یانەی سەلتا فیگۆ بوو کە توانی پلەی هەشتەمی لالیگا بەدەست بهێنێت، وا چاوەڕوان دەکرێت ئەنریکی گۆڕانکاریی گەورە لە پێکهاتەی یانەی بەرشــلۆنە ئەنجام بدات لە رێگای رۆیشتنی چەند یاریزانێك و هاتنی چەند یاریزانێکی تازە بۆ ریزەکانی یانە کەتەلۆنیەکە.**





# مۆندیالی ٢٠١٤ دەبێتە ماڵئاوا بۆ کۆمەڵێک یاریزان


**وا بڕیارە لە مانگی داهاتوودا یارییەکانی مۆندیالی ٢٠١٤ لە وڵاتی بەرازیل دەست پێبکات، هەواداران و خۆشەویستانی بواری تۆپی پێ چاوەڕوانی پاڵەوانێتییەکی بەهێز دەکەن، چونکە هەڵبژاردە سەرکەوتووەکان خاوەنی چەندین یاریزانی بە توانا و پێکهاتەی تۆکمەن و بە باشترین شێوە خۆیان بۆ ئەم مۆندیالە ئامادە کردووە، بەڵام مۆندیالی ٢٠١٤ دەبێتە دوایین مۆندیال بۆ کۆمەڵێک یاریزانی بە توانا لەسەر ئاستی جیهان بەهۆی گەورەبوون لە رووی تەمەنەوە ناتوانن بەشداری یارییەکانی مۆندیال بکەن لە ساڵانی داهاتوودا، بۆیە هەوڵ دەدەن لە مۆندیالی ٢٠١٤ هەموو شتێك پێشکەش بکەن تاکو بتوانن دەستکەوتێك بۆ خۆیان و هەڵبژاردەکەیان تۆمار بکەن.**

١-خولیو سیزار گۆڵچی هەڵبژاردەی بەرازیل تەمەن ٣٤ ساڵ، هەوڵ دەدات لەم مۆندیالەدا دەستکەوتێك بۆ خۆی تۆمار بکات دوای ئەوەی لە مۆندیالی ٢٠١٠ بەرامبەر هەڵبژاردەی هۆڵەندا ماڵئاواییان لەم پاڵەوانێتییە کرد.

٢- میروسلاف کلۆزە یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا تەمەن ٣٥ ساڵ، ئەم یاریزانە بەمەبەستێکی تایبەت بەشداریی لە مۆندیال دەکات جگە لە بەدەستهێنانی نازناوی پاڵەوانێتییەکە هەوڵ دەدات دوو گۆڵ لەم مۆندیالە تۆمار بکات بۆ ئەوەی ببێتە گۆڵکاری مێژووی جامی جیهانی بە تۆمارکردنی ١٦ و ژمارەی ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیل رۆناڵدۆ بشکێنێت.

٣-بۆفۆن گۆڵچی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا تەمەن ٣٦ ساڵ، ئەمە دەبێتە چوارەمین جار، کە بەشداری لە جامی جیهانی بکات، دوای ئەوەی لە ساڵانی (٢٠٠٦،٢٠٠٢، ٢٠١٠) بەشداری کردبوو.

٤- دیدیە درۆگبا یاریزانی هەڵبژاردەی ساحیل ئەلعاج تەمەن (٣٦) ساڵ، بۆ جاری سێیەم بەشداری لە مۆندیال
















دەکات دوای ئەوەی لە ساڵانی (٢٠٠٦، ٢٠١٠) بەشداری کردبوو.

٥- فرانك ریبیری یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنسا تەمەن ٣١ ساڵ.

٦- باستیان شڤانشتایگر یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا تەمەن ٣٠ ساڵ.

٧- فرانك لامپارد یاریزانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە تەمەن (٣٥) ساڵ، هەوڵ دەدات پێش وازهێنان دەستکەوتێك لەگەڵ هەڵبژاردەکەی تۆمار بکات.

٨- ڤان پێرسی یاریزانی هەڵبژاردەی هۆڵەندا تەمەن (٣١) ساڵ، هەوڵ دەدات دەستکەوتێك بۆ وڵاتەکەی تۆمار بکات و قەرەبووی دۆڕانی جامی جیهانی (٢٠١٠) بەرامبەر هەڵبژاردەی ئیسپانیا بکاتەوە.

٩- خافی هێرناندێز یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا تەمەن (٣٤) ساڵ.

١٠- ئارین رۆبن یاریزانی هەڵبژاردەی هۆڵەندا تەمەن (٣٠) ساڵ.

١١- دیگۆ فۆرلان یاریزانی هەڵبژاردەی ئۆرگوای تەمەن (٣٥) ساڵ، ئەم یاریزانە لە مۆندیالی رابردوودا بە باشترین یاریزان دەستنیشان کرا، بەڵام ئەمجارە تەنیا دەبێتە پاڵپشت و هاوکاری دەروونی بۆ یاریزانان کاڤانی و سوارێز.

١٢- ئەندریا پێرلۆ یاریزانی هەڵبژاردەی ئیتالیا تەمەن (٣٥) ساڵ، هەوڵ دەدات هەمان سیناریۆی مۆندیالی ٢٠٠٦ دووبارە بکاتەوە و نازناوی جامی جیهانی بە دەستبهێنێت.

١٣- ستیڤن جیرارد یاریزانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرە تەمەن (٣٣) ساڵ.

١٤-ئیکەر کاسیاس گۆڵچی هەڵبژاردەی ئیسپانیا تەمەن (٣٢) ساڵ، کە خۆی راگەیاند دوای جامی جیهانی (٢٠١٤) بەفەرمی وازهێنانی لە یارییەکانی نێودەوڵەتی رادەگەیەنێت.

جێگەی باسە رەنگە چەندین یاریزانی تر هەبن، کە بەشداری لە جامی جیهانی (٢٠١٤) دەکەن، نەتوانن لە پاڵەوانێتییەکانی داهاتوودا بەشداری بکەن، بەڵام ئێمە تەنیا کۆمەڵە ئەستێرەیەکی دیاری بواری تۆپی پێی جیهانیمان هەڵبژارد.

ڕاپۆرت: ڕێبین ڕەمزی





